خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تورکیا لە بەیانی ڕۆژی یەکشەممە دەستی پێکرد

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی تورکیا ئەحمەد یەنەر وتی، ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکان بە ماوەیەکی زۆر دواناخرێت وەک ئەوەی لە خولی یەکەمدا ڕوویدا.

سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ئاماژەی بە ڕۆژێکی بەرزی بەشداریکردن لە خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تورکیا کرد و لە بەیاننامەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی، ڕۆژی بەشداریکردن لەو خولەدا زۆر بەرز.

وتیشی "هاوڵاتیان هەمان ڕۆژی بەشداریکردنیان نیشانداوە لە خولی دووەمی دەنگداندا وەک خولی یەکەم، جا لە دەرەوە بێت یان لەناو وڵاتەکەدا، بەڵام تا ئێستا هەڵبژاردنەکان بێبێ هیچ کێشە و ڕووداوێک ئەنجام دەدرێن.

خولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی تورکیا لە کاتژمێر 8:00ـی بەیانی ڕۆژی یەکشەممە دەستی پێکرد و دەنگدان تا کاتژمێر 5:00 ئێوارە بەردەوام دەبێت.

سەرۆکی ئێستا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و کاندیدی ئۆپۆزسیۆن کەمال کلیچدارئۆگلو لە پێشبڕکێدان بە سەرۆکایەتی.